# پرسی کورد و سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان

22-04-2024

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** بەدەر لە هۆکاری ئابووری، پرسی کورد لەلای ئەردۆغان ریشەیەکی قووڵتری هەیە. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەردۆغان کە لە هەموو سەرکردەیەکی دیکەی تورکیا زیاتر لە دەسەڵات دا ماوەتەوە و چانسی ئەوەی هەیە کە لانیکەم تاوەکو چوار ساڵی دیکەش ئاڕاستەی سیاسەتی تورکیا بکات، لە هەمووان زیاتر لە پرسی کورد نزیک بووەتەوە. ئەگەر ریفۆرمەکانی پرۆسەی بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپاش هەژمار بکەین، پارتی داد و گەشەپێدان لە ماوەی نێوان 2002 تاوەکو 2015، بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە 13 ساڵی حوکمڕانیی خۆیدا پرسی کوردی لە رۆژەڤی تورکیادا داناوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا دوای نزیکەی 20 ساڵ، جارێکی دیکە ڕێگەم کەوتەوە بەغدا کە بەرپرسەکانی لە ئامادەکاریدان بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆککۆماری تورکیا. ئەمەش لە دوای سەردانەکەی سوودانی بۆ ئەمریکا و گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، لە ریزی گرنگترین پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی عێراقە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردیشەوە هەیە.

لەکاتی دامەزراندنی دا، خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسوور چوار دەروازەی بۆ شارەکە دروستکرد کە سەرەکیترینیان ڕووی لە خۆراسان بوو کە بە دەروازەی دەوڵەت ناوەدەبرا، بەڵام دەروازەی بەغدا تەنیا بەرەو ئێران و خۆراسان بە کراوەیی نەمایەوە و، ململانێ لەسەر ئەم شارە کە واتای( خێری خودا ـ ئەوەی خودا داویەتی) دەدات، بەشێکی سەرەکیی ژیانی سیاسی ئێرەی پێکهێناوە. هیچ لایەنێکیش نەیتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بە تەنیا ئەو "خێرەی خودا"یە بۆ خۆی ببات. ئەمڕۆ سەرەڕای باڵادەستیی دەسەڵاتی شیعی و هەژموونی ئێرانی کە لەڕێی وێنە و سیمبوولە هەڵواسراوەکانی دەر و دیوارەکانی بەغداوە بە ڕوونی دیارە، لانیکەم لە زاری چوار بەرپرسی پلەبەرزی عێراق ئەوەم بیست کە هاتنەکەی ئەردۆغان بۆ ئەوان واتای قۆناخێکی نوێیە. ئەمەش دەریدەخات کە تەنیا دەروازەی خۆراسانی بەغدا کراوە نییە.

بێگومان  پرسەکانی ئاو، ئابووری و ئاسایش لە ریزی سەرەوەی ئەو بابەتانەن کە سیاسییەکانی بەغدا دەیانەوێ لەگەڵ ئەردۆغان تاوتوێی بکەن، بەڵام لە زۆربەشیاندا، پرسی کورد لە چەقی بابەتەکاندایە. پێدەچێت بەشێک لە سیاسییەکانی بەغدا هیوایان بەوەبێت کە لە ڕێی دابینکردنی بەرژەوەندیی ئابووری و  ئەمنییەوە دوو شت دەستبخەن؛ یەکیان ئاو، ئەوی دیکەشیان مامەڵەی ڕاستەوخۆی تورکیایە لەگەڵ بەغدا. جاێ بەر لە هەموو شتێک سەرەڕای خواستی هەندێک لایەن بۆ ئەوەی ئەردۆغان سەردانی هەولێر نەکات، هاتنی ئەو بۆ هەولێر، سیاسەتی ڕاگرتنی باڵانسە کە پێدەچێت پەیوەندیی بە دەروازەکانی بەغدای ئێستاوە هەبێت.

عێراق داوای بەردانەوەی 500 مەتر سێجا ئاو لە چرکەیەکدا لە تورکیا دەکات، کە بە قسەی هەندێک لە پسپۆڕانی ئاو، پێدەچێ لانیکەم لەم کاتانەدا ئەستەم بێت، بەڵام لەوانەیە ئەنقەرە ڕازی بێت بەوەی کە هەندێک ئاوی زیاتر لەو 130 مەتر سێجایە بەربداتەوە کە ئێستا بۆ سووریا و عێراق بەریدەداتەوە. پرۆژەی "ڕێگەی گەشەپێدان" و بابەتی ئاسایش و دۆخی هەرێمی کوردستانیش ڕێک وەک تەونێک پێکەوە بەستراونەتەوە. بەشێک لە سیاسەتڤانانی بەغدا،  ئەو دوو بابەتە وەک دەرفەتێک بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەنقەرە- بەغدا لەجیاتی پەیوەندی ئەنقەرە- هەولێر- بەغدا سەیر دەکەن، بەڵام سەرنجڕاکێشە کە پێچەوانەی ئەو دیدە سیاسییە، شرۆڤەکردنێکی جیاوازم لە چەند ژەنەراڵێکی خانەنشینی سوپای عێراق بیست کە بەشدارییان لە کۆبوونەوەیەکی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لە بەغدا کردبوو. ئەوان دەیانگوت، پرسی کورد لە هەردوو دیوی تورکیا و عێراقەوە کاریگەری لەسەر پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێت و بابەتی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ش تەنیا بەشێوەی سەربازی چارەسەر ناکرێت. پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان یەکێک لە گرنگترین پرۆژەکانی حکومەتی ئێستای عێراقە کە ڕەهەندێکی جیۆئیکۆنومی و سیاسی گەورەی هەیە. ئەو پرۆژە 17 ملیارییە کە پێدەچێ لەگەڵ هاتنەکەی ئەردۆغان ڕێککەوتنی زیاتری لەسەر بکرێت، بۆ عێراق خەونێکی گرنگە، بەڵام لە هەمان کاتدا ریسکێکی گەورەشە. لانیکەم لە مەودای 500 کیلۆمەتری پرۆژەکەدا دوو پرسی سەرەکی سونی ـ کوردی هەیە کە هەموو کات دەتوانێت گرفتی بۆ دروست بکات ئەگەر سیاسەت لە بەغدا تەنیا ڕوویەکی مەزهەبی وەربگرێت. هەبوونی پرسە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان لەسەر ڕێڕەوی ئەم پرۆژەیە وادەکات کە بۆ دەستوەردانی دەرەکیش کراوەبێت. واتا دەشێ کارتێکی گریمانەیی گەورە بخاتە دەست هەر هێزێکی هەرێمییەوە بۆ گوشارکردن لە بەغدا، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە سیاسەتەکەی بەدڵ نەبێت. هەڵبەت چەندە پرسی ئاسایشی ئەم ڕێگایە، دەتوانێت لاوازییەکی ستراتیژی بۆ عێراق دروست بکات، ئەوەندەش دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ سیاسەتێکی میانڕۆیانە لە نێوخۆ و پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ دەرەوە، کە ئەوەش قازانجی هەمووانی تێدایە.  بۆ تورکیاش پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، واتای بەشداری لە پرۆژەکانی بنیاتنان و دەستکەوتی ئابووری دەدات. ئەمە بێجگە لەوەی کە دەتوانێت ڕەهەندە ئەمنییەکانی پرسی شنگال و مەخموور بۆ ئەنقەرە چارەسەر بکات کە وەک خاڵێکی گرنگ لە شەڕی دژی پەکەکە دا تەماشای دەکات. تورکیا زیان ناکات ئەگەر عێراق یان وڵاتێکی دیکە سەرمایەی ئەو پرۆژەیە دابین بکات، تەنانەت ئەگەر دواتریش بەهۆی دۆخێکی گریمانەیی ئەمنییەوە گرفتی بۆ دروست ببێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە وەک کارتێکی گوشار دەبێت لەسەر پرۆژەی ڕێگەی بەهارات کە تورکیای لێ وەدەرنرابوو.

عێراق پێیوایە پرسی پەکەکە چارەسەرێکی تەواو سەربازییانەی بۆ نییە، هەرچەند کە خوازیاری ئەوەیە لەڕێی سنووردارکردنی ڕێگەکانی هاتووچۆوە بەشێک لە داواکارییەکانی تورکیا جێبەجێ بکات. تورکیاش دەیەوێت لە ناوچەیەکی سنووریدا بە مەودای 30-40 کم، شوێنێکی تامپۆن دروست ببێت و  پەکەکە لە سنوورەکانی دوور بکەوێتەوە. کاریگەرترین هەنگاو کە عێراق لە دۆسیەی پەکەکەدا بتوانێت بۆ تورکیای بکات، لە سنووری مەخموور و شنگال دەبێت ئەگەر بیکات، ئەگەرنا وەک لە نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقم بیست، "کۆنترۆڵی تەواوەتیی چیاکان بۆ هەموو هێزەکان کارێکی ئەستەمە، جا چ سوپای تورکیا، پێشمەرگە یان سوپای عێراق بێت". لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق دا، بەغدا لە شەڕی پەکەکەدا لانیکەم 20 جار یارمەتی تورکیای داوە و ئێستاش حکومەتی بەغدا بە ناوهێنانی پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی قەدەخەکراو هەنگاوێکی ناوە کە بە دڵی ئەنقەرەیە. هەرچەند ئەستەمە عێراق لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا، بە هەموو توانایەکی خۆی لە دژی پەکەکە بوەستێتەوە. چونکە نە توانای ئەوەی هەیە، نە دەیەوێت ئێستا کاری وەها

بکات. بە ئەگەری زۆر دڵی تورکیا رازی دەکات هەرواش کارتی پەکەکە بە تەواوی لە دەست خۆی دەرناخات. ئالێرەوە پێشبینی دەکرێت کە لە تەنیشت پێشنیازی سەربازی و ئەمنی بۆ سنووردارکردنی پەکەکە بەتایبەت لە شنگال- مەخموور و ناوچەکانی نێوان دۆڵی زاپ و گەلیی باڵندە لە سنووری ئامێدی، حکومەتی عێراق خوازیاری ناوبژیوانی پەکەکە و تورکیاش بێت. بێگومان باسکردن لە گەڕێکی دیکەی دانوستاندنی تورکیا و پەکەکە لانیکەم بەر لە هەندێک ئۆپەراسیۆنی سەربازی، جارێ ئەستەم دیارە، بەڵام لە ماوەی درێژخایەن دا شتێکی ناواقعی نایێتە بەرچاو. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش ئەوەیە کە بارودۆخی سیاسی و هاوسەنگییەکانی هێز لە ناوچەکەدا گۆڕاون. بەپێی پرۆگرامی داتای پێکدادانی ئوپسالا(UCDP) لە ماوەی نێوان 1975 تاوەکو 2017دا، دەوڵەتانی دەرەوە، لە پێکدادانە کوردییەکانی ئەم ناوچەیەدا نزیکەی 108 جار یارمەتیی هێزە کوردییەکانیان داوە کە سووریا بە 29 جار و ئێرانیش بە 27 جار لە سەرەوەی لیستەکەوەن. لەوەشدا سووریا 15 جار یارمەتیی پەکەکەی داوە و ئێرانیش نۆ جار لە دژی تورکیا یارمەتیی ئەو رێکخراوەی داوە.

ئێستا سووریا خەریکی پرسەکانی خۆیەتی، هەروەهاش وادیارە ئێران بەهۆی گرژییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و رۆژئاوا، جارێ بە تەمایە لە ئاستی رکابەرییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا کەم بکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، لەوانەیە بۆ پەکەکەش ئەوە روون بێت کە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانە و باڵادەستی درۆن و هێرشی ئاسمانی، درێژەپێدانی شەڕ لەم کاتەدا بە کەڵک نەیێت. بۆ تورکیاش کە لە دۆخێکی ئابووریی دژواردایە، شەڕێکی بەردەوام واتای قورساییەکی ئابووریی زۆر دێت کە دەتوانیت بۆ پارتی داد و گەشەپێدان هەواڵێکی باش نەبێت کە بە ئەنجامێکی خراپەوە لە دوایین هەڵبژاردنەکان دەرچووە. هەڵبەت بەدەر لە هۆکاری ئابووری، پرسی کورد لەلای ئەردۆغان ریشەیەکی قووڵتری هەیە. هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەردۆغان کە لە هەموو سەرکردەیەکی دیکەی تورکیا زیاتر لە دەسەڵات دا ماوەتەوە و چانسی ئەوەی هەیە کە لانیکەم تاوەکو چوار ساڵی دیکەش ئاڕاستەی سیاسەتی تورکیا بکات، لە هەمووان زیاتر لە پرسی کورد نزیک بووەتەوە. ئەگەر ریفۆرمەکانی پرۆسەی بە ئەندامبوون لە یەکێتی ئەورووپاش هەژمار بکەین، پارتی داد و گەشەپێدان لە ماوەی نێوان 2002 تاوەکو 2015، بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە 13 ساڵی حوکمڕانیی خۆیدا پرسی کوردی لە رۆژەڤی تورکیادا داناوە. لە 2003دا یاسای ژمارە 1587ی نفوسی گۆڕی و بەوەش رێگەی بۆ ئەوە کردەوە کە ناوی کوردی بۆ منداڵ ئازاد بکرێت و لە 2009شدا بە یاسایەک رێگەی بۆ پەخشی کوردی کردەوە. ئەمانەش بۆ وڵاتێک کە کاتی خۆی گوتنی هەر وشەیەکی کوردی سزای دارایی لە سەربوو، هەنگاوی سیمبوولیک و گرنگ بوون. ئەردۆغان لە ساڵی 2005دا دانی بە هەڵەکانی رابردووی کۆماری تورکیا لە پرسی کورد دانا و، لە 2009شەوە پرۆسەی "کرانەوەی کوردی" دەستپێکرد. داوتر خاوەنداریی لە دانوستاندنەکانی ئۆسلۆ لەنێوان میت و پەکەکە کرد و پاشان لەنێوان 2013-2015 قۆناخی چارەسەری بەرێوەبرد و لەو ماوەیەشدا، رۆڵی سوپا و دیدگای کەمالیستی لەو وڵاتەدا سنووردار کرد کە وەک بەربەستی سەرەکیی چارەسەری پرسی کورد و پرسە ئایینییەکان سەیر دەکران. لە دوای 2015وە بەهۆی کودەتای گولەنییەکان و دوورکەوتنەوەی ئاکپارتی و لایەنی کوردی لە یەکتر، پرسی کورد لە رۆژەڤی تورکیا چووە دەرەوە و گەڕێکی دیکەی پێکدادان دەستیپێکردەوە.

قسەکانی سەرۆککۆماری تورکیا لە دیاربەکر بەر لە دوایین کەمپەینی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دا لە ئاداری ئەم ساڵ دا کە تێیدا ئامادەیی خۆی بۆ دیالۆگ پیشاندا، لەگەڵ لێداونەکانی هەریەک لە سەلاحەدین دەمیرتاش، لەیلا زانا و ئەحمەد تورک، کە ئەردۆغانیان وەک سەرچاوە و کەسی خاوەن توانا بۆ چارسەری پرسی کورد ناو هێنابوو، هیوایەکی بۆ گەڕێکی دیکەی دانوستاندن زیندوو کردبووەوە. عێراق لە ناوبژیوانیکردنی ئێران و سعودیەوە ئەزموونێکی گرنگی هەیە، تەوقیتی ئێستاشی بۆ خستنەڕووی دیالۆگێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لەڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە گونجاوە، دیارە ئەگەر بەڕاستی بێت و کاری بۆ بکات. بەتایبەتیش وەک بەرپرسێکی عێراقی گوتی پەیامێکیان لە پەکەکەوە بۆ هاتووە سەبارەت ئامادەییان بۆ دیالۆگ لەگەڵ تورکیا. بێگومان عێراق دەتوانێت سوود لە توانا و خواستی سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستانیش بۆ چارەسەری ئاشتیانە و نەمانی شەڕ وەربگرێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی سەرۆککۆماری تورکیاش هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە، چونکە لە راستی دا، وەک ئەوەی کە ئەحمەد تورک و لەیلا زانا باسیان کردووە ئەدرێسی چارەسەری پرسی کورد هێشا هێز و توانای ئەردۆغانە.